## خێراکردنی داونلۆد لە کۆمپیتەرەکەت



ڕۆژانــە ئەوی کار لەسەر ئەنتەرنێت بکات پێویســتی بەداونلۆد دەبـێ زۆر جار وای هەیــە داونلۆدەکــە زۆر دەخایەنێت بۆیە بەئەنجامدانـی ئەم هەنگاوانە داونلۆدەکەت خێرا بکە



ســەرەتا بەکلیکی لای ڕاست ماوسکە بکە لەســەر شاشەکە پاشـان کلیك لەسەر پرۆپەرتیز و وە دیسك تۆپ بکەو برۆ بۆ سەر کۆســتەم مایــز و لەویش بۆ وێب دوای کۆســتەم مایزو وە کلیك کردن لەســەر داونلۆد و زیادکردنی 500کیلۆ بایت بۆ 1000 کیلۆ بایت پاشـان ئۆکــەی دەکەینەوە کۆمپیتەرەکە ڕێستارد بکــە داونلۆدەکــە خێراتر دەبێ



## Peek9، ئامێرێکی نوێی تەکنۆلۆژیای دیجیتاڵی

کۆمپانیـای Peek بـەم دواییانــە ئامێرێکــی بچووکی بەرهەم هێنا کە بە Peek9 ناســراوە، ئامێری ناوبراو هەردوو خزمەتگوزاری فەیس بووک و تویتەری هەیە، سەرەڕای ئەوەش لەسەر Google maps شوێنی جوگرافی خۆت دەبینی. جگــە لەوەش بەتەواوی وەزعەییەتی کەش و هەوای ناوچەکەت نیشـان دەدات. لــە Peek9 نا بە ئاسـانی دەتوانی فایلە دەقییەکانـی Pdf،exile، word. بخوێنیەوە. بەهۆی ئەو ئامێرەوە بەبێ ســنوور دەتوانـی SMS بۆ مۆبایلەکان بەرێ بکەی.



## ئەلبومێکی دیجیتاڵی تایبەت بە خوێندنەوەی کتێب



کۆمپانیـای sarotech بـەم دواییانە ئامێرێکـی دیجیتاڵی بەرهەم هێناوە کە بـە Abigs DVP- 260x ناسـراوە. ئامێرەکـە خاوەنـی مونیتۆرێکـی 2.5 ئینجـی لەمســییە و هــەم تەلەڤزیۆن و هەم ڕادیۆیــە، گرنگترین توانای ئەو ئامێرە بچووکە ئەوەیە کە توانای نیشاندانی کتێبی دیجیتالی هەیە و هەروەها باشترین ئەلبومی وێنەی دیجیتالیشە. هاردی ئەو ئامێرە تا ڕاددەیەك بەرزە، واتە 320 گیگابایتە، ئەمەش ڕەنگە وەڵامدەرەوەی بەشێك لە کاروباری ڕۆژانە بێت.

# نوێترین پرۆسێسەرi7 لە 2011 دەکەوێتەبازارەوە



لەپاش دروستکردنی پرۆسێسەری کۆرتودیۆ لە 2009 وە لەساڵی 2010 پۆسێسەری i3 دروستکرا دواتر دروست کردنی ئەم پرۆسێسەر بەشێوەیەکی تاقی کردنەوە بەتایبەت کەوتە بازار پاش ئەوەی سەر کەوتنی بەدەست هێنا ئەوا کۆمپانیای ئەمەریکی نوێترین پرۆسێسەر بەناوی i7 بەرهەم دێنێت و دەیخاتە ناوبازاری کۆمپیتەرەوە وە ئەم پرۆسێسەرە بەهێزترین پرۆسێسەر کە لە 7 پرۆسێسەری ناوەی تێدا یەو وە 12 مێگا کاش کار دەکات وە هێزی کارکردو دەگاتە MHZ 1333 لەیەك سانیەدا کەئەمەش خێراییەکی گەورەیە لەکاتی کارکردنیدا وە بەتایبەت لەگەڵ جۆری رامی DD3 وە DD4 کاردەکاتن .

# گشت DVD و CDیەک بەیەک کلیک کۆپی بکە

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ ئەنجامدانی کرداری رایت کردنی DVD، CD و کە زۆر لەو پرۆگرامە ناسراون پێویست بەناساندنیان ناکات وەك Easy cd creator، nero ashampooo.

راستە ئەو پرۆگرامانە توانییان زۆرە، بەڵام گرفتی ئەو پرۆگرامانە ئەوەیە کە لەکاتی دابەزاندنیاندا، چونکە قەواریان زۆرە، شوێنێکی زۆر لەسەر هارددیسك داگیر دەکەن. هەروەها لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکەشدا رێژەیەکی زۆر لە CPU و زەینی رام داگیر دەکەن. گەر حەز دەکەی پرۆگرامێکی کەم قەوارە و خاوەنی توانایەکی زۆر دابەزێنیە سەر کۆمپیوتەرەکەت، پێشنیار دەکەم کە پرۆگرامی Express burn دابەزینی، ئەو پرۆگرامە کە قەوارەکەی کەمترە لە 2 میگابایت دەتوانێ بە ئاسانی گشت جۆرە DVD، CDیەك رایت بکات. رایتی خێرا، پشتیوانی کردن لە شێوەی راکێشانی فایل بۆسەر پرۆگرامەکە، هەموو جۆرە سیدییەکی مۆسیقی، ڤیدیۆی، فایلی دەق و وێنەیی، بە ئاسانی بەو پرۆگرامە کە قەوارەیەکی کەمی هەیە کۆپی دەکرێن. دەتوانی ئەو پرۆگرامە لەو سایتە دابەزینی.

http://clicklinks.ir/30405b




# مۆبایلی پلەی ستەیشنیش هاتە بەرهەم




هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە دەنگۆی ئەوە هەیە کە مۆبایلی جۆری پلەی ستەیشن بەرهەم هاتووە، بەڵام تا ئێستا لەناو بازاردا بڵاو نەبۆوە، بەڵام لە چەند رۆژانەدا ئەو مۆبایلە کەوتە بازار. خێرایی مۆبایلەکە یەك گیگایە، 512 میگابایت رامەکەیەتی، هەروەها رامی یەك گیگابایتیشی هەیە. شاشەکەی تەنیا 3.7 هەروەها 4،1 ئینجە، زەینەکە بە کارتی مایکرۆ زیادتر دەکرێت.

# لە Firefox بەبێ هێڵی ئینتەرنێت سایتەکانتان بخوێننەوە



ڕەنگە بۆ زۆربەتان هاتبێتە پێش کە لەجیهانی ئینتەرنێتدا تووشی ماڵپەڕی گرنگ و سەرنجڕاکێش بوونە، بەڵام هەلی ئەوەتان نەبووە لەو کات و ساتەدا بیخوێنیتەوە، دواتریش کە نیازی خوێندنەوەتان هەیە هێڵی ئینتەرنێت نەماوە، زۆرجار کارێك دەکەین کە لاپەڕەکە خەزن دەکەین و دواتر دەیخوێنینەوە، ئەو کارەش هەرچەندە باشە، بەڵام وەختگرە و جار هەیە گشت بابەتەکان خەزن نابن، بەڵام باشترین شێواز بۆ ئەوەی کە دوای پچڕانی هێڵی ئینتەرنێت لاپەڕەی مەبەستت بخوێنیەوە ئەوەیە کە پرۆگرامێکی زۆر بچووك بۆ پرۆگرامی دۆزەرەوەی سایتەکان Fir-fox دابەزینی، پرۆگرامە بچووکە ناوی Read it laterـە، بە یەك چرکە ماڵپەڕەکە خەزن دەکات و دواتر هەر کاتێك حەزت لێبوو، دەیخوێنیەوە.

تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو پرۆگرامە لەوەدایە کە دەتوانی ئەکانتێك بکەیەوە، واتە ناوی خۆت تۆمار بکەی، دواتر گەر لەسەر کۆمپیوتەری خۆشت نەبووی، یان کۆمپیوتەرەکەشت فۆرمات کرابوویەوە، سەرلەنوێ بە چوونە ناو ئەکانتی خۆت، ماڵپەڕە خەزنکراوەکانت بخوێنیەوە.


# تەلەڤزیۆنێک بۆ فریودانی دزەکان

**Fake tv ئەو تەلەڤزیۆنەیە کە بۆ فریودانی دزان سوودی لێدەبینرێ. ئامێرێکە نرخەکەی تەنیا 30 دۆلارە، ئەو ڕووناکیەی لەو تەلەڤزیۆنە ساختەیە دەردەچێ هەروەك ڕووناکی تەلەڤزیۆنێکی HDیە، کە هەرکەسێك بچێتە ئەو ماڵەوە هەست بەوە دەکات کە تەلەڤزیۆنی ماڵەوە هەڵکراوە، کەسێك لەماڵەوە خەریکی سەیرکردنی تەلەڤزیۆنە. ئەوەی کە نیازی خراپی هەبێ بۆ ئەو ماڵە بچێت هەست بەوە دەکەن کەسێك لەماڵەوە دانیشتووە سەیری تەلەڤزیۆن دەکات، بۆیە دەگەڕێتەوە.**

**قەوارەی ئەو ئامێرە تەنیا بەقەد کوپێکی قاوە دەبێت، بەڵام ڕووناکییەکەی بەقەد تەلەڤزیۆنێکی گەورەیە، ڕەنگ و ڕێژەی ڕووناکیەکە بەردەوام لە گۆڕان دایە.**



# گرنگترین فەرمانە قەدبڕەکان



ویندۆز7 گەلێك فەرمانی قەدبڕی تێدایە کە بۆ ئەوانەی زۆر کار لەسەر کۆمپیوتەر دەکەن خێراییەکی زۆریان پێدەبەخشێ و دەتوانن بە ئاسانی ئەرکەکانیان ئەنجام بدەن. لێرەدا کۆمەڵێك فەرمانی قەدبڕتان بۆ باس دەکەین کە دڵنیام سوودێکی زۆری دەبێ.

گەر دوگمەی (Win+m) لێبدەی گشت پەنجەرەکان دەشاردرێنەوە.

گەر دوگمەی (Win+Shift+m) لێبدەی گشت پەنجەرە شاراوەکان دەکرێنەوە.

گەر دوگمەی (Win+D) لێبدەی دیسکتۆپ نیشان دەدرێت.

گەر دوگمەی (Win+UP)لێبدەی پەنجەرەکان گەورەتر نیشان دەدرێن.

گەر دوگمەی (win+down) لێبدەی پەنجەرە شاراوەکان دووبارە نیشان دەدرێنەوە.

گەر دوگمەی (Win+left) لێبدەی، پەنجەرەکان بۆ لای چەپ دەچن.

گەر دوگمەی (Win+right)لێبدەی پەنجەرەکان بۆ لای ڕاست دەچن.

# دوایین زنجیرەی لاپتۆپی Dell بناسن



کۆمپانیای Dell یەکێکە لە کۆمپانیا سەرکەوتووەکانی بەرهەمهێنی کۆمپیوتەر، چ لاپتۆپ چ دیسکتۆپ. بەتایبەتی لە بواری لاپتۆپدا شوێنی دیارە. دوایین زنجیرەی لاپتۆپی ئەو کۆمپانیایە بە XPS ناسراوە، زنجیرەی ئەو لاپتۆپە هەروەك زنجیرەکانی دیکە لە سێ سایزی 14، 17،16،15ئینجیدا بەرهەم هاتوون، لەو زنجیرەیەدا باشترین کارتی گرافیکی جۆری NVIDIA Geforce و CPUی جۆری Gore i5 و هەروەها وێبکەمی HD دانراوە. سەرەڕای ئەوەش باشترین سپیکەری جۆری JBL بۆ داندراوە. دیزاینەکەشی زۆر سەرنجڕاکێشە.

# گوگل لە سنووری خۆی تێپەڕاند

کامێراکانی گوگل کە بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆن فیلم و وێنە لە خەڵك کۆدەکەنەوە، ئێستا خزمەتگوزارییەکی نوێ لە گوگلدا زیاد بووە، ئەویش (google street view) ئەو خزمەتگوزارییە هەم بۆ خەڵك و هەم بۆ کۆمپانیایەکە بۆتە مایەی دەردەسەری. لەکاتی کۆکردنەوەی وێنەکان دا لە شەقامەکان، زانیاری شەخسی کۆمپیوتەرەکانی خەڵکیش کۆکراونەتەوە، کە ئەوە راستەوخۆ پێشێلکردنی یاسایە و دەستدرێژی کردنە بۆسەر مافی خەڵك.

ئەو ئۆتۆمبێل و پایسکیلانەی کە ئەرکی وێنەهەگرتنەوەی بۆ کۆمپانیاکە ئەنجام دەدەن، لە بەریتانیا و هەندێك وڵاتی دیکە، زانیاری شەخسی وەك ئیمێل و پاسۆردی کۆمپیوتەرەکانیشیان دزیوە و خەزنیان کردووە. تەنانەت زانیارییەکان گەیشتۆتە دزینی کارتی بانکی وەك ڤیزا کارت و بیزنس کارت...تاد. لە هەندێك وێنەشدا چوونەتە ناو چوارچێوەی ژیانی شەخسی خەڵکەوە، تەنانەت ئەوەی بۆ خەڵك زۆر نهێنی بووە وێنەیان گرتووە. هەرچەندە گوگل لە وەڵامدا وتی «زۆر زۆر داوای لێبوردن دەکەم لەوەی کە ئەوە روویداوە»، بەڵام دوای لێبوردن دوای کەی، ئەوەی حەز دەکات گوگل چی لەو خزمەتگزارییە واتە Google street view دا کردووە، با لە گوگلدا ئەو دەستەواژەیە لە بەشی دۆزینەوەی وێنەدا بنووسێ، ئەوکاتە بزانە چی بۆدەردەکەوێ!!




# فەرمانە قەدبڕەکان لە ئۆفیسی 2007 و 2010دا



فەرمانی لابر ئەو دوگمانەن کە لە ویندۆز و پرۆگرامەکاندا، دەبنە هۆی خێرایی بەخشین بە کردارەکان، بەکارهێنەر دەتوانێت بەبێ ماوس فەرمانەکان خێراتر ئەنجام بدات، بەڵام تایبەتمەندی ئەو دوگمانە ئەوەیە کە دەبێ گشتیان لەبەر بکەی بۆ نموونە دەبێ بیرت بێ کە دوگمەکانی ctrl+c کرداری کۆپی ئەنجام دەدات، دوگمەی Ctr+v کرداری Paste ئەنجام دەدات.

بەڵام لە پرۆگرامی ئۆفیس 2007و 2010دا پرۆگرامەکانی وەك Word یا Excel چەند فەرمانێکی گرنگ هەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بەبێ ئەوەی ئەو دوگمانەی لەبەر بکەی، بەبێ ماوسیش تەنیا بەهۆی کیبۆرد هەر کارێك کە پێویستت بێ ئەنجامی بدەی. ئەو توانایە Key tipsی پێدەگوترێ.

بۆ نموونە پرۆگرامی word 2007 یان 2010 بکەوە. ئێستاکە ئەوەندە بەسە کە دوگمەی Alt بۆ چەند چرکەیەك رابگری و پاشان بەری بدەی. ئێستاکە دەبینی لەسەر گشت مینۆکان و دوگمەکانی سەرەوە، کارەکتەرێکی ئینگلیزی هەیە. بۆ نموونە لەسەر فەرمانی Insert دوگمەی N هەیە، بە داگرتنی ئەو دوگمەیە، راستەوخۆ دەچێتە سەر ئەو بەشە. لەو بەشەش دا دوگمەی دیکە هەیە بە داگرتنی هەر دوگمەیەك فەرمانی تایبەت بەو دوگمەیە جێبەجێ دەبێت.

# لە ویندۆز 7دا

گەر دوگمەی (Win+spacebar) لێبدەی بۆ یەك چرکە شاشە نیشان دەدات.

گەر دوگمەی (win+home) لێبدەی گشت پەنجەرەکان سەرلەنوێ گەورە دەکاتەوە.

گەر دوگمەی (Alt+tab) لێبدەی دەتوانی لەنێوان گشت پرۆگرامە کراوەکانی ویندۆز بسوڕێیتەوە.

گەر دوگمەی (Alt+Ese) لێبدەی گشت پەنجەرە کراوەکان دەسوڕێن.

گەر دوگمەی (Win+tab) لێبدەی سووڕانەکە سێ رەهەندییە.



www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com